زمان لە شیعردا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، چونکە ئەدەب بەهۆی زمانەوە بونیاددەنرێت و داهێنانی تیادەکرێت، واتە زمان کەرەستەی سەرەکی پێکهاتنی شیعرە. پەیوەندییەکانی دونیای دەرەوە و ناوەوە بەرێوەدەبات، هەر ئەمەش وایکردووە، کە زمانی شیعر گوزارشتکەربێت (حمەصالح، 2020: 573). لەسەر ئەم بنەمایە ئەدەب بەشێوەیەکی گشتیی و شیعر بەتایبەتیی، پەیوەندییەکی توندی بەزمانەوەهەیە، بەواتایەکی تر ئەدەب جەستەیەکیی زمانییە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەدەب بەرهەمی ڕاستەقینەی زمانێکی نوسراو و ڕۆشنبیرییەکی تۆمارکراوە، لەمەوەئەدەب تێڕوانین و وێناکردنی خودییەبۆ ڕووداو و بابەت و دیاردەکان و کارلێکردنیان، کەئەمەش بەئاوەزمەندیی و درکپێکردن ناسێنراوەو لەم ڕوانگەیەوەلەگەڵ زانستی زمانی درکپێکردندا یەکدەگرنەوە(عومەر، 2017: 364)، لەسەر ئەم بنەمایەش زانستی درکپێکردنی ئەدەب دێتەئاراوە. پەیوەست بەپارادیگمای زمانیی درکپێکردن، شیعرناسیی درکپێکردن، کەهاوکات بەشێوازناسییش ناودەبرێت، ڕەهەندێکی درکپێکردنەکەلەلێکۆڵینەوەی وێژەدا پێشکەشکراوە... ئامانجی شیعرناسیی درکپێکردن، بەستنەوەی بژاردەزمانییەکانی کاری ئەدەبییە، بەهۆی پرۆسەکانی درکپێکردنەوە، ئەمەش بەکەڵک وەرگرتن لەهۆکارگەلێکی وەک پێشینەی مەعریفیی، نیشانەدرکپێکراوەکان، دەقەکان، وێنەئاوەزییەکان، پێکهاتەی ڕێزمان، بۆشاییەهزرییەکان و میتافۆرەچەمکییەکان (ئەحمەد، 2022: 24). زمانەوانانی درکپێکردن دابەشبوونی جۆراوجۆریان بۆ جۆرەکانی وێنەئاوەزییەکان کردووەو دابەشی چەند جۆرێکی جیاوازیان کردووە، لەوانە:وێنە ئاوەزی قەبارە، وێنە ئاوەزیی جوڵەیی، وێنەئاوەزیی ڕووکەشیی، وێنەئاوەزیی هێز، وێنەئاوەزیی تێپەڕبوون، وێنەئاوەزی ئاراستە، وێنەئاوەزی سەرچاوە، وێنەئاوەزی مەبەست، وێنەئاوەزی ڕووداو، و خاوەندارێتی

(عبدالكريمی و نعمتی، 1395: 154). بەڵام هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی کەسیان لەو جۆرانەلەهەموویان چالاکترن و بەجۆرەسەرەکییەکانی وێنەئاوەزییەکان دادەنرێن.

مەحوی شاعیر وەک یەکێک لەدیارترین شاعیرەکلاسیکییەکانی نێو ئەدەبیاتی کوردیی، لەو شاعیرانەیەبۆ گەیاندنی مەبەستەکانی سودی لەزۆرترین وێنەی هونەریی و داهێنانی زمانیی وەرگرتووە. بەو پێیەی کە(پەیامی شاعیر کە لە ئەزموون و تێگەیشتنی و جیهانبینی زەینی شاعیرەوە سەرچاوەدەگرێت، لە ڕێگەی وێنە و دەستەواژەی هونەرییەوە دەگوازرێتەوە بۆ خوێنەر)(قیطران، 3032: 840)، بۆیە پەیوەست بەوێنەئاوەزییەکانەوە،مەحوی بەپشتبەست بەئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی و بەرکەوتن و مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەستەو ئامرازی فیزیکییدا، زۆرجار چەمکەنافیزیکیی و مەعنەوییەکانی وەک (دڵ و چاو)ی بەکەرەستەو چەمکیفیزیکی ڕەنگڕێژکردووەو جوانترین وێنەی هونەریی خوڵقاندووە.

**1-2- وێنەئاوەزیی قەبارە**

وێناوێنەییەکان (وێنەئاوەزیی) وەک قاڵبێکی دیاریکراون، کە کەرەستە لە خۆدەگرن، بە واتایەکی تر وەک قاڵبێک وان، کە کەرەستەیان تێدەکرێت. کاتێک کەرەستەکان دەخەینە ناو قاڵبەکانەوە و ڕێکخستنی فەزاییان بۆ دەکەین، وەک دانانی کتێبەکان لە ناو کتێبخانەکەماندا/ جانتاکانماندا، یاخود دانانی قاپ و قاچاخەکان لە ناو کەوانتەردا، هەربۆیە ئەگەر ڕوانگەی چەمکی وێنای وێنەیی لە بەرچاو بگیرێت و سەرنجیان لێبدرێت، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە بەشێکی زۆریان لە ئەزموونی خۆگرتنی فیزیکییەوە سەرهەڵدەدەن (حەمەحسێن، 2023: 64). لەم ڕوانگەیەوەیەکێک لەو وێنەئاوەزییانەی کەجۆنسۆن لەکتێبەکەی خۆیدا باسیکردووەو بەدیارترین و گرنگترین وێنەی سکیمایی دادەنرێت، وێنەئاوەزیی قەبارە/دەفرە، کەتێیدا بەگەڕانەوەبۆ ئەزموونی ڕۆژانەی ژیان، چەمکێکی فیزیکیی و بەرجەستەبەهێزی بیرکردنەوەو چەمکەنافیزیکییەکان دەدرێت، بەبڕوای (جۆنسۆن، 1987: 23) مرۆڤ لەئەنجامی ئەزموونی مانەوەلەماڵەوەیان ژوورەوەو یان ئەشکەوت و هەر جێگایەکی تر، کەقەبارەیەکی هەبێت و مرۆڤی تێدا جێ بێتەوەو خاوەنی چوارچێوەبێت، لەش و جەستەی خۆی وەکو مادەیەک (دەفرێک) لەبەرچاودەگرێت و دەتوانێت لەنێو ئەو جێگا و شوێنەقەبارەدارەوەخۆی ببینێتەوە. بۆ نموونە(لاکۆف) لە ڕستەی (کەوتەداوی هاوسەرگیریی) یا (لەداوی هاوسەرگیریی ڕزگاریی بوو) بۆ پرۆسەی هاوسەرگیریی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

کەچەمکێکی نابەرجەستە و هۆشەکییە، قەبارەی لەبەرچاوگرتووەکە کەسێک دەچێتەناوییەوەیا لێی دەرەچێت. بەبڕوای (لاکۆف) ئێمەجەستەی خۆمان هەمیشەبەشێوەی (دەفر) ئەزمون دەکەین. بنەما سەرەکییەکانی وێنەئاوەزیی قەبارەیی بریتییەلە: ناوەوە، چوارچێوە(TR)، دەرەوە(LM) (لاکۆف، 1987: 272)

ئەگەر سەرنجی ئەم نمونانەی خوارەوەبدەین:

- ڕۆیشتووەتەناو خۆشەویستییەکی قووڵەوە.
- چاوی پڕ لەفرمێسکە.
- خراپ خۆی خستووەتە ناو دەردەسەرییەوە.
- بۆچی خۆت هەڵدەدەیتەناو قسەکانمانەوە.

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت بۆ ئاماژەکردن بە(خۆشەویستی و چاو و قسەکردن و دەردەسەریی و ...هتد) کەقەبارەیەکی فیزیکییان نییە، جۆرێک لەقەبارەو چوارچێوەی فیزیکیی لەبەرچاوگیراوەکەحوکمیدەفریان هەیەو مرۆڤیش وەکو مادەیەک (مظروف) لەبەرچاودەگرێت کەلەو دەفرەدا جێ دەگرێت، بەو واتایەی ئەو چەمکەنافیزیکییانەی کەلەجیهانی دەرەوەدا قەبارەو چێوەیان نییە، بەگەڕانەوەبۆ ئەزموونەدووبارەکانیان، چوارچێوەیەکی فیزیکیی پێدەبەخشن (صفوی، 1382: 68).

مەحویی شاعیر لەبەشێک لەشیعرەکانیدا وێنەی (دڵ و چاو)ی وەک دەفرێک وێناکردووە، کە هەڵگری خەم و ئازار و نهێنییەدەرنەبڕاوەکانێتی: کەواتەلێرەدا دڵ دەفرە، ئەو دەفرەیە چەمکێکی ئەبستراکتی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کاتێک ئەم لایەنە ئەبستراکتە خراوەتە نێو دەفرێکەوە، مەبەستەکە بۆ ئەوەیە زیاتر پێی ئاشنابین و درکمان بۆی هەبێت.

**غەمی خۆشی نییە(مەحوی) لەدڵیا، هەر غەمی تۆیە**

**لەعیشقتدا دەکەم غەم بۆ بەغەم، بڕوانەچۆنم بۆت (لا 109)**

لەم دێرەدا ئەوەی بەڕوونی دەردەکەوێت ئەو وێنەیەیە، کە بۆ دڵ دانراوە، دیارە دڵ بۆخۆی چەمکێکی دیاریکراو و بوونێکی نابەرجەستەی هەیە، بەڵام شاعیر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چییەتی دڵ، هەوڵیداوە وێنەیەکی فیزیکیی بۆدا بنێت، لێرەشدا بەو دەرخستەیەی کە بۆ دڵی داناوە درک بەوە دەکرێت، کە دڵ لای مەحوی وەکو دەفرێکە و توانای شت هەڵگرتنی تێدایە، کەواتە وێنەیەکی بەرجەستەی دروستکردووە.


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

***

**لەباسی مەینەت و دەردی دەروونی بۆیەدەم نادەم**

**لەخوێنی دڵی پڕ غەم کەسینەم مەوج ئەدا تا دەم (لا 302)**

شاعیر دڵی وەکو دەفرێک لەبەرچاوگرتووەکەخاوەنی قەبارەیەو توانای تێکردنی غەمی هەیە، ئەو ئەم دەربڕینەی بۆ بەرهەمهێنانی میتافۆری (دڵ جێی غەمە) بەکارهێناوە.

ئەمەش چەند نموونەیەکی ترە: کەتێیدا مەحوی شاعیر (دڵ)ی بەدەفر و کەرەستیەکی قەبارەدار وێناکردووە:

**لەکێ بپرسم دڵی بۆ پڕ لەخوێنی حەسرەتەیاقووت**

**عەزا پۆشی چییەو کێیە، جلی پیرۆزەبۆ شینە؟ (لا 364)**

دیسانەوە شاعیر وێنای دڵی دەفرێکدا دەرخستووە و کردوویەتی بەشوێنی کۆکردنەوەی خوێن، ئەگەر چی کاروباری دڵ لەگەڵ هێنان و بردنی خوێندا یە لە ناو جەستەی مرۆڤدا، بەڵام شاعیر هاتوە وێنەیەکی دیکەی پێبەخشییوە و وەکو دەفرێک، کە بۆ کۆکردنەوەی خوێن پیشانی داوە، لێرەوە بەهۆی درککردنی شاعیرەوە لەشێوە و قەبارەی دڵ، هاتووە ئەم وێنە میتافۆڕەی بۆ دڵ داناوە، هەرکاتێک خوێنەریش دەقێکی لەم شێوەیە ببینێت، ڕاستەوخۆ بیری بۆ ئەوە دەچێک کە دڵ لەشێوەی دەفرێکدایە.

***

**هەمیشەدیدەبەحری گەوهەرەو دڵ پڕ لەنەقدی داغ**

**لەبن نایێ بەمەسرەف، چونکەخەزنەی من خودا دادە(لا 352)**

ئەوەی لەم دێرەدا تێبینی دەکرێت، شاعیر دڵی خۆی وەکو دەفرێک(خەزنەیەک)ی بینراو و پڕ لەپارە و نەقدی گرانبەها داناوە و ، دیسانەوە لە ڕێگەی درکپێکردنەوە شاعیر دڵی خۆی لەشێوەی شتێک داناوە کە بتوانرێت شتیی دیکەی تێدا کۆبکەیتەوە بێگومان ئەو شتەش لە شێوەی دەفرێکە و بەگوێرەی درککردنی مەحوی بۆ دڵ لەشێوەی دەفرێکدایە. لە ڕێگەی درککردنەوە خوێنەیش ئەو وێنە ئاوەزییەی لا دروست دەبێت کە دڵ لەشێوەی دەفرێکدایە لە چوارچێوەی درککردنی مەحویەوە بۆ دڵ.

***

**خودا قەسەم لەگەڵ دڵی خاڵی لە سۆزی عیشقبە**

**تەکراری حەرفە، بەس دەمی پڕ یا خودا خودا (لا 38)**

دیسانەوەی شاعیر دڵی لەشێوەی دەفرێکدا درککردووە، بۆیە سیفاتی پڕبوون و خاڵیبوونی داوەتە پاڵ، ئەم سیفاتە تەنها لەدەفر و هاوشێوەکانیداهەیە، لێرەوە ئەوە بەدی دەکرێت کە شاعیر هەولێداوە لەڕێگەی درککردنەوە وێنەی ئەبستراکت و زەینیش دروستبکات، کاتێکیش خوێنەر دەقێکی لەم شێوەیە و بەو جۆرە وێنەئاوەزیانە دەبینێت، هەمان بیر و بۆچوونی شاعیری لا بەرجەستە دەبێت.

**چاو وەکو شوێن:**

مەحوی شاعیر لەم شیعرانەی خوارەوەدا (چاو)ی وەکو دەفرێکی خاوەن قەبارەلەبەرچاوگرتووە، کەتوانایی هەڵگرتنی مادەی هەیە:

**گەردی ڕێی هەستاوەجێ داوا دەکا**

**بەختە، ماڵی چاوی کێ ئاوا دەکا (لا 53)** (چاو وەک ماڵ)

چاو بونێکی ئەبستراکتی هەیە و بۆ بینین بەکاردەهێنرێت، بەڵام لێرەدا شاعیر بەدەر لەو سیفاتەی کە چاو بەخۆیی هەیەتی، هەوڵیداوە لەڕێگەی درککردنەوە وێنەیەکی ئاوەزی بۆ دابنێت، لێرەدا مەحوی چاوی وەکو ماڵێک داناوە، بۆیە ماڵی چاو بۆخۆی میتافۆڕێکە و لەڕێگەی کودکردنی لەلایەنبەرانبەرەوە درک بە ماناکەی دەکرێت، کەواتا لەنێوان نێرەر و وەرگردا واتای میتافۆڕی ماڵی چاو ڕوون دەبێتەوە، کەواتا شاعیر بەمەبەست وێنەی ماڵی چاوی داناوە.

***

**دەبێ حورمەت بگیرێ جێ نەزرگەی حەزرەتی یارە**

**کەناکا دەمبەدەمتۆفانی دەم زێر و زەبەر چاوم ( لا 299)**

مەحوی لەم دێرەدا سیفاتە سەرەکییەکەی چاوی وەلاوە ناوە و وێنەیەکی سیمانتیکی درکپێکراوی داناوە، کە ئەویش وەکو شوێنی عیبادەتگایەک وێنای چاوی کێشاوە، لێرەدا لەڕێگەی درکپێکردنی شاعیرەوە بۆ چاو ئەو وێنە ئاوەزییەی لا گەڵاڵە

بووە، هەروەها کاتێک خوێنەریش دەقێکی لەم شێوەیە ببینێت، ڕاستەوخۆی زهنی بۆ وەها وێنەیەکی درکپێکراو دەچێت.

***

**پیاڵەی دیدەلەبرێژە، دڵا تۆش**

**بجۆشە، سازی ناڵەهەم ببێ کۆک ( لا 260)**

لێرەدا مەحوی شاعیر پیاڵەی لەگەڵ دیدەبەکارهێناوەو شێوەدەفرێکی بەخشیوەبەدیدەکەتوانای جێکردنەوەی مادەیەکی هەیەو بەهۆیەوەلەبرێژ بووە.

**چاو وەکو دەریا:**

بەو پێیەی (دەریا) وەکو شوێن جێی (ئاو)ەو زۆرجار بەهۆی شەپۆلەکانەوەمەوج دەدات، شاعیر (چاو)ی وەکو (دەریا) لەقەڵەمداوەو ئەوەی کەتیایەتی جاری بووە.

**لەچاوم خوێنی جاری کرد و هەم ڕەنگی لەڕوو بردم**

**ئەم ئاشووبی دڵ و دینەبەلێوی ئاڵ و چاوی کاڵ (لا 275)**

شاعیر لەریگەی وێنەیەکی درکپێکراوەوە هەوڵیداوە وینەیەکی ئاوەزی چاو بکیشیت، واتا لە ریگەی ئەو وینەیەی کە هەمان سیفات لە نیوان چاو و دەریادا هەیە، رۆل لەنیوان هەردوو چەمکەکەدا ئالوگۆڕ پێبکات و وێنەکە بنەخشینێت، دیارە چۆن دەریا ئاو دەرێژیت چاویش بەهەمان شێوە فرمێسکی پێدا دێتەخوارەوە، بەلام لیرەدا لەجێگەی فرمێشسک خوین بەدی دەکرێت، ئەمەش بۆ زیاتر رونکردنەوەی مەبەستەکەیەتی لەو وێنە ئاوەزییەی کەدروستی کردووە.

**2-2- وێنەئاوەزیی جوڵەیی**

لەئەنجامی جوڵەی کەرەستەفیزیکییەکانەوەمرۆڤ هەوڵدەدات کۆمەڵێک وێنەی ئاوەزیی، کەفیزیکیی نیین، دروستبکات، لەسیمانتیکی درکپێکردندا بەم جۆرەلەوێنەدەگوترێت سکێمای وێنەیی/ وێنەئاوەزیی (جوڵە/ جێگۆڕکێ)، ئەم وێنەیە

کەبەچالاکترین جۆری وێنە ئاوەزییەکان دادەنرێت، بەبڕوای (جۆنسۆن) جوڵەی مرۆڤ و بینینی جوڵەی گیاندارەکان تر، ئەزمونێکی لای مرۆڤ دروستکردووەو بەهۆی ئەو ئەزموونەوە کۆمەڵێک وێنەی ئاوەزیی لەو جوڵانەوەلەمێشکی مرۆڤدا بەرهەمهێناوە، بەپێی ئەم جۆرە، بۆ ئەو چەمکانەی خاوەنی جوڵەنیین، تایبەتمەندیی فیزیکیی(جوڵە) لەبەرچاودەگرێت (صفوی، 1382: 68).

جۆنسۆن پێیوایە کە سکێمای جوڵە پەیوەستە بە جوڵەیەکی فیزیکیی، کەلەشوێنێکەوەبۆ شوێنێکی تر و لەخاڵی دەستپێک و ئامانج و ڕێڕەوێک، پێکهاتووە (جۆنسۆن، 1987: 114). بەواتایەکی تر سکێمایی وێنەیی جوڵە، ڕەنگدانەوەی ئەزمونی مرۆڤەلەجوڵەی خۆی، یان گیانلەبەرەکانی تر، ئەم جوڵەیە، خاڵێکی دەستپێکی بەناوی (سەرچاوە)و خاڵێکی کۆتایی بەناوی (مەبەست)ەوەهەیە، ئەوەی دەکەوێتەنێوان ئەم دوو خاڵەوەپێی دەگوترێت (ڕێڕەو)(محمدی و جمشیدی، 1399: 82)، لەم پێناسەیەوەدەگەینەئەو ئەنجامەی کەپێویستەسکێمای وێنەیی جوڵەسێ مەرجی هەبێت، بەمشێوەیە:

- خاڵی دەستپێکردن (سەرچاوە):
- خاڵی کۆتایی ( مەبەست)
- ڕێڕەوێک کەهەمیشەخاڵی سەرەتا بەخاڵی کۆتاییەوەدەبەستێتەوە، لەم ڕووەوەڕێڕەوەکان ڕێگاگەلێکن بۆ ڕۆیشتن لەخاڵێکەوەبۆ خاڵێکی تر.

ئەم چەشنە ئەزمونکردنەی مرۆڤ و دوبارەبوونەوەی بەردەوامی، لە چەندین گوزارشتی ڕۆژانەیدا، ڕەنگدانەوەی هەبووە، لەوانە:

- گەیشتووم بەکۆتایی چیرۆکەکە.
- بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن پێویستەهەوڵبدەیت.
- لەناوەڕاستی ڕێگاکەدایین.

لەم نمونانەی سەرەوەداهەریەکەلەچەمکەکانی (چیرۆک، سەرکەوتن، ڕێڕەوی ژیان و ...هتد) چەمکگەلێکی نافیزیکین و بەدەرن لەجوڵەی فیزیکیی، بەڵام بەسودوەرگرتن لەجوڵەی فیزیکی مرۆڤ، جوڵەدراوەبەو چەمکەنافیزیکییانە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم نمونانەی خوارەوەش، ئەوەدەردەکەوێت کە(مەحوی) شاعیر درکی بەوەکردووەکەبەیان و درککردنی چەمکەنافیزکییەکان لەقاڵبی وێنەئاوەزییەکی لەم شێوەیەدا ئاسانتر و خێراترە. بۆیەدەڵێت:

**کەدڵ ئەتوێتەوە بۆ تۆ دەکەی ئەو ڕۆژەتۆ بڕوا**

**کەخۆ دەرخەی وەکوو خۆر، دڵ وەکوو شەونم لەخۆ بڕوا (لا 65)**

توانەوەی دڵ (جوڵەو ئاراستەیەبەرەو خوار) و دەرخەری جۆرێک لەوێنەئاوەزییەکەوێنەئاوەزیی جوڵەیە. شاعیر دلی خۆی لەشێوەی توانەوەی پارچەیەکدا وێناکردووە، دیارە ئەمەش بەهۆی درککردنی شاعیرەوە سیفاتەی لە نێوان دل و توانەوەدایە، لێرەدا شاعیر جوڵەیەکی بە دڵ داوە و وێنەیەکی پێ دروستکردووە، ئەو وێنەیەش بە ئارەستەی خوارەوە دەتوێتەوە و دەجوڵێت، لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەو کۆدەی کە شاعیر لەگەڵ وێنەکەدا ئاراستەی خوێنەری کردووە، دەردەکەوێت کە وێنەیەکی ئاوەزی جوڵەییە.

***

جوڵەکردنی دڵ و ڕووکردەگولی ڕووی یار:

**وەک بولبول ئەو دڵەبەگوڵی ڕوو کەڕوو دەکا**

**پەروانەزیارەتی شەمع ئارەزوو دەکا (لا 56)**

***

(دڵ لەسینەدەرچوون) بەخشینی جوڵەبەدڵ:

**دڵم وەک شێری بێشەی شوعلە گرتوو**

**لەسینەی پڕ لەسۆزم دەربەدەر کەوت (لا 119)**

مەحوی لەڕێگەی ئەو وێنەیەی کە بەدڵی بەخشیوە هەوڵیداوە وێنەی سیفاتی بنەڕەتی دڵ داببڕێت و وێنەیەکی ئاوەزەیی جوڵەداری پێ بنیاتبنێت، لێرەدا جوڵەیەکی بەدڵ بەخشیوە و لە شوێنی خۆی بزواندوویەتی بۆیە دەم شێوە وەسف و وێنەیە دەکرێت بگوترێت وێنەیەکی ئاوەزیی درککراوی جوڵەییە.

***


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

**دڵ لەسینەم هیجرەتی کرد و وتی:**

**بوونە، عومریَ فەرشی ئاتەشخانەبۆچ (لا 131)**

لێرەدا دڵ وەک کیانێکی نافیزیکی لە بەرامبەر هێزی هەناسەی گەرم و بەسۆزی مەعشوق لەسینەدا خۆی بۆ ڕاناگیرێت و ڕێگایەکی تر هەڵدەبژێرێت و دەردەچێت.

***

جوڵەکردنی دڵ لەنێوان عاشق و مەعشوق:

**هەم دەمکوژێت و دین و دڵیشم دەبا، دەڵێ**

**من (من قتل)، ئەمیش قەتیلم (لی السلب)(لا 80)**

***

**دڵی بردم بەشۆخی دولبەرێکی تازە، سەلەنویَ**

**موبارەک بێ لەدڵ سەودایەکی کەی کەوتەسەر لەنویَ (لا 398)**

***

**دڵ چووەوادەی مەحەببەت، هەرچی دی هەر کوشتنە، یا**

**نیوەکوژراوە، لەسەر لێوەئاهـ و ناڵەی (وا أسف) (لا 242)**

لەم سێ دێڕەی سەرەوەدا شاعیر وێنە ئاوەزییەکی جوڵاوی لە دڵ دروستکردووە و لەو سیفەتە فیزیکییەی دڵ کە هەیەتی دایبڕیوە و سیفەتێکی دیکەی پێبەخشیوە، بەشێوەیەک دڵ بەبەردەوامی لەجوڵە دایە لەنێوان عاشق و مەعشوقدا.

***

چەمکی (گرتن/ هاویشتن) لەئەزمونی ڕۆژانەوەو ئاڕاستەکردنی تەنێکەوەبەدیهاتووەبەرەو ئاراستەیەک، بەڵام بە مەبەستی کاریگەریی دانانی زیاتر، چەمکێکی وەکو (نیگا)ی پێ وێناکراوە. وەک شاعیر دەڵێت:

**<u>نیگاهی گرتە</u> غەیر و من دڵم لەت بوو، تەماشاکەن**

**خەدەنگی گرتەکێ، شەققژنی لەکوێ، زەربی بەر کێ کەوت (لا 117)**

***

سیفاتێک لەنێوان خەنجەل و موژگاندا هەیە کە هاوشێوەن، بۆیە شاعیر ویستوویەتی سیفاتێک لەهەردوویان وەربگرێت و وێنە ئاوەزییە جوڵاوەکەی پێ دروستبکات. هەروەکو دەبینین خەنجەری موژگان میتافۆڕێکە لە ڕێگەی درککردنەوە هەستی پێدەکرێت.

**کوشتەی ئەو چاوەم لەجەمعی کوشتەگان**

**<u>خەنجەری موژگانی</u>، من مینها دەکا (لا 54)**

***

**جگەر کون کە، خوێنی گریەبەردە، سینەهەڵبدڕە**

**<u>نیگاهێکە</u> ببینەکاری تیر و نەشتەر و خەنجەر (لا 177)**

***

**(چەراکردنی چاو)** جوڵەی چاوەلەحزوری یارا

**چەراکردن لەباغی حوسنییا، مەنزوریە چاوم**

**کەدەگرێ ڕیشی لەبەحرایەغەریق ئەمما (لا 62)**

***

2-3- **وێنەئاوەزیی هێز**

ئەم جۆرە وێنەیە، لە هێزی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ بۆ ژیان هەڵهێنجراوە، بەو واتایەی کەمرۆڤ لەپێناوی مانەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە و دەوروبەری، دوچاری لەمپەر و ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە، کە پێویستە هێزی خۆی پیشانبدات، یان بکەوێتەژێر فشار و پاڵەپەستۆوە، ئەم چالاکی و بەربەرەکانییەش ئەزمونی مرۆڤ لە هەڵهێنجانی چەمکی هێزدا کارا دەکات، لەمبارەیەوەجۆنسۆن ١٩٨٧ پێیوایە مرۆڤ لەئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەیلەگەڵ بەربەستێکی لەم شێوەیەدا، کەلەژیانیدا دێتەپێش، ئەزموونی خۆی تاقیکردووەتەوە، ئەم تاقیکردنەوە و بەریەکەوتنەش بووەتەهۆی دروستبوونیوێنەیەک لەمێشکیدا، لەئەنجامدا وێنەیەکی گشتیی بەو ڕووداوانە

دەبەخشێت، کە بەدەرن لە کێشمەکێش و رووبەرڕووبونەوەی فیزیکیی، بەڵکو هەڵگری خەسڵەتگەلێکی هاوشێوەن (جۆنسۆن، 1987: 47).

جۆنسۆن سێ حاڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بەربەست و کۆسپانەدیاریکردووە، کەدێنەپێش:

**یەکەم:** ئەو لەمپەرەی کەدێتەپێش،تێپەڕبوون و بڕینی کارێکی نەکردەیەو ڕێڕەوەکەبەیەکجاری دادەخرێت، بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

- دووچاری کێشەو بەڵایەک بوومەتەوەنەڕێگای گەڕانەوەم هەیە، نەڕێگەی دەرچوون.
- بەو بڕیارانەت دەرگاکانت لەخۆت داخست.
- دوچاری گرفتێک بوومەتەوەدەرچوونی نییە.

**دووەم:** لێرەدا ڕووبەڕووی بەربەست و لەمپەرێک دەبیتەوەکە:

أ. دەتوانرێت بەربەستەکەلەسەر ڕێگەکەلاببرێت و درێژەبەجوڵەکەبدرێت، بڕوانە:

- هەرچۆنێک بوو، توانیم تاقیکردنەوەکان ئەنجامبدەم.
- دواجار قایلمکردن و درێژەمدا بەکارەکەم.
- ئەو کەسەی کەبووەبەربەست لەبەردەم خۆشبەختیی، لەسەر ڕێگاکەی لایدا.

ب. یاخود پێچبکرێتەوە و ڕێگاکە تێپەڕێنرێت، هەروەک ئەم نموونانە:

- خۆت مەخەناو ئەم گێژاوەوەو بەلایدا برۆ.
- ئەگەر وەریاننەگرنی پێم بڵێ، با ڕێگاچارەیەکی ترت بۆ بدۆزمەوە.
- هەرجۆرێک بووەخۆتلەم کێشەیە لابدە.

ج. یان ڕێگەیەکی تر هەڵبژێردرێت و خۆت لەو ڕێگایەنەدەیت کەبەربەستی تێدایە، وەک لەم نموونانەدابەرجەستەکراوە.

- ئەم هاوسەرگیرییەڕەنگەهەموو ژیانت بگۆڕێت.
- ئەگەر بەربەستی تاقیکردنەوەکانت تێبپەڕاندایە، ناچارنەدەبوویت کار بکەیت.
- خۆزگەدەمتوانی لەگەڵ ئێوەبهاتمایەبۆ گەشت، تا ناچارنەبوومایەلەگەڵ ئەوان بچم.


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

**سێیەم:** مەبەست لەم جۆرەوێنانەئەوەیەکەلەرێڕەوی ژیاندا بەربەستێک هەبێت و بتوانرێت بەهۆی هێزەوەئەو بەربەستەبشکێنرێت و درێژەبەڕێڕەو جوڵەکەبدرێت، بۆ نموونە:

- بە هەرجۆرێک بووە، دەبێت ئەو کێشەیەلەسەر رێگای خۆت لاببەیت.
- بۆ ئەوەی بگات بەپۆستێکی باڵا، هەمووی لادا و خۆی بردەپێشەوە.
- هەرچۆنێک بووە، دەبێت لەگەڵی هاوسەرگیریی بکەم، کەواتەباشترەخۆت لەسەر ڕێگاکەم لابدەیت.

لەڕەوتی ژیان بەگشتی و پەیوەندییەکانی ڕۆژانەبەتایبەتی، ئەوەی بەر لەهەموو شتێک خۆی دەردەخات، سەختی و گرفتاریی و کێشەو نەهامەتییەکان و ڕوبەڕووبونەوەی مرۆڤەلەگەڵیاندا، یەکێک لەو بەڵا و ناخۆشییانەی کەڕووبەڕووی مرۆڤەکان بەگشتی و شاعیران بەتایبەتی دەبێتەوە(دووریی و دابڕان لەمەعشوق، لەمپەرەکانی گەیشتن بەمەعشوق، فەرمانڕەوایی و گیانبازیی لەپێناو مەعشوق، بەیەک نەگەیشتنی عاشق و مەعشوق ...)ەکەلەژێر چەتری میتافۆریی چەمکی (عیشق سوڵتانە)دا قابیلی تێگەیشتنە، لێرەدا. مەعشوق سوڵتان و عاشق بەندەو خادم وماڵی مەعشوق کۆشکی سوڵتانە. بەگوتەی سەعدی شیرازی کەدەڵێت (هر کجا سلطان عشق امد نماند/ قوت بازوی تقوی محال) دەرخەری ئەم ڕاڤەیەیە (منتشلو، 1396: 171). بەپشتبەستن بەوەی گوترا، دیوانی شیعری (مەحوی) شاعیریش بێبەش نییەلەم جۆرەوێنەئاوەزییە. بۆیەمیتافۆرێکی وەکو (عیشق سوڵتانە) سەرچاوەی چەندین دەربڕاوی زمانییەلای شاعیر و تێیدا عاشقی و پەیوەندی نێوان عاشق و مەعشوقی وەکو پەیوەندی نێوان سوڵتان و گەدا لەقاڵەمداوەو بەهۆیەوەتوانیویەتی کۆتوبەند و دەرەنجامەکانی ئەو پەیوەندییەلەشیعرەکانیدا بخاتەڕوو:

**مەجنوونە: <u>شاهی عیشق</u> و بیابانی بارەگا**

**ئاهی، دەکا هەمیشەبەپا چادرێ لەهیچ (لا 135)**

شاعیر لەنێوان هەردوو وشەی شاه و عیشقدا، وێنەی ئاوەزەیی هێزی بونیادناوە، بەشێوەیەک شاهی عیشق وەکو میتافۆڕێکە و هێزی ڕاکێشان لەنێوان هەردوو چەمکەکەدا هەیە، بۆیە وێنە ئاوەزییەکی هێزی پێدەگوترێت. بۆ هەردوو دێری دواتر هەمان مەبەست و وێنە دووبارە دەبێتەوە بەهەمان فۆرمی دەربڕاوەوە. وەک لەم دێرانەی خوارەوەشدا دەردەکەوێت:


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

***

**کەسی من گەر کەسن کەس من نەخاتەفکری ئەو شاهە**

**بەیادی ناکەس ئازوردەحەیفەخاتیری عاطیر (لا 172)**

***

**من پادشەهی عیشقم و هەر داغی جونونم**

**تاجی سەرە، باقی کەلەدێوانەحەرامە(لا 358)**

***

بەدەر لەچەمکی (عیشق)، هەردوو چەمکی (دڵ و چاو) وەکو دوو سەرچاوەی بنەڕەتیی و گرنگ لای شاعیران بەگشتیی و مەحوی بەتایبەتی، بوون بەکەرەستەیەکی شیعریی گرنگ و بەکاریگەریی ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی و ئەو بەربەست و ڕێگرییانەی کەدووچاری بوونەتەوە، ڕەهەندێکی فیزیکیی و بەرجەستەی پێیان بەخشیوە. وەک دەڵێت:

**بەس کاری دڵ توێنەوە(مەحوی) لەپێشتە**

**(لا یحسب الأناسی أن یترکوا سدی)(لا 39)**

لەم دێڕەدا شاعیر تەنها چارەلەتوانەوەی دڵدا دەبینێتەوە، بەمەش توانەوەو نغرۆبوون کەبەکارەکی ئەزموونی کردووەدەیسپێرێت بەچەمکێکی نافیزیکیی وەکو (دڵ).

***

**دڵ لەئیدراکی حەقیقەت بێ بەشەبێ داغی عیشق**

**مەحویا دانا دەبێ بەم چاوەبینایی بکا (لا 50)**

بە بۆچوونی شاعیر دڵ توانای درککردنی  عیشقی نەبوو، ئەوا لە حەقیقەت و ڕاستیش بێبەش دەبێت، لێرەوە وێنەیەکی زەینی دروستکردووە و پێی وایە دەبێت دڵ لەسەرەتاوە بۆ مەسەلەکانی عیشق بێت، خۆ ئەگەر وانەبێت ئیدی توانای درککردنی نییە و بێبەشە لە حەقیقەت، لەمن شێوە وێنەیەدا لەڕێگەی ئیدراکی دڵ و عیشق وێنەیبەکی ئاوەزەیی هێزی دورستکردووە، چونکە لەنێوان هەرسێ وشەکەدا سیفاتی هێزی ڕاکێشان بەدی دەکرێت.


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

***

**دڵی سووتا بەحاڵی زاری تیفلی دڵم و چاری کرد**

**سەری زوڵفی لەدەم نا، زەهری ماری پڕ بەزاری کرد (لا 149)**

دڵ بەربەستێکی هاتووەتەپیش و بەهۆی ئەو بەربەست و کێشەیەوەدەتلێتەوە.

***

**کۆتری دڵ، چەنگولی بازی قەزا یەعنی موژەی**

**دی، بەزوڵفی چوو پەنا با، کەوتەداوی بەڵا (59)**

دڵ توشی بەڵای برژانگ و زوڵفی یار بووەو ڕێگای دەرچوونی نییە

***

**موژەت قوللابی گیرا، زوڵفی دڵگیرت کەمەندئاسا**

**مەحاڵەبەرگرێ یا بەربــێ کەس کەوتەبەر گیرت (لا 98)**

برژانگ و زوڵفت وەکو داوەو ئەوەی بکەوێتەداوی، مەحاڵەبتوانێ خۆی دەربازبکات. بەربەستێک درووستبووەو تێپەڕاندنی مەحاڵە.

***

**چاوی لەوەعدی کوشتنی من چاوی دزیەوە**

**خوونکاری وا دەبێ لەقسەی خۆی نەکا نکوول (280)**

چاو دوای ئەوەی گفتی کوشتنی دابوو لەو گفتەی پەشیمان بوویەوەو پاشگەزبوویەوە

**ئەنجام**

زمانەوانیی درکپێکردن، کۆزانیاریی زمانیی، سەربەخۆ لەئەندێشەو لۆژیک دانانێت و زمان بەکەرەستەو ئامرازێک دادەنێت بۆ ڕێکخستن و خستنەڕوو و گواستنەوەی زانیارییەکان. واتاناسانی درکپێکردن لەو باوەڕەدان کەواتا بەپشتبەستن بەپێکهاتەفەزایی و بەرجەستەکان شکڵدەگرێت، لەم چوارچێوەیەدا وێنەئاوەزییەکان

گرنگترین تیۆر و ڕێبازی سیمانتیکی درکپێکردنن. هەریەکەلەوێنەئاوەزیی (قەبارەو جوڵەو هێز)یش زۆرترین کارایی و بەکارهێنانیان بەبەراورد بەجۆرەکانی تر هەیە.

بەهۆی ئەو پەیوەندییەبەهێزەی کەلەنێوان شیعر و زماندا هەیە، تاوەکو کاری ورد و جوان لەزمانی شیعرییدا بکرێت، هێندەش شیعر زیاتر دەڕازێنرێتەوەو جوانتر خۆی دەردەخات، لەکۆنەوەتا ئەمڕۆ لەهەر شیعرێک وردبینەوەبەهۆی ئەزموونی جەستەیی و جوڵەییەوەبەجۆرێک لەجۆرەکان درک بەوێنەیەکی هەستپێکراو دەکەین، شتێکی ئاشکرا و ڕوونیشەکەبەشێک لەجوانترین ئەو وێنانەی کەشاعیر دەیاننەخشێنێت، ئەوانەن کەتێڕاوانینی مرۆڤن بۆ سروشت و دەوروبەروی. بەو پێیەی قەڵەمڕەوی ئەدەبیاتی عیرفانی دەروون و ناخی مرۆڤە، زیهنیبوون و کەسیبوونی ئەو جیهانە،ئاڵۆزیی و ناڕوونیی بەدیدێنێت، بۆیەزمان بەکەرەستەسەرەتاییەکانی خۆی توانای گواستنەوەی ئەو حاڵەتەدەرونییانەنییەو ناچار پەنابراوەتەبەر بەچەمکردن و بەوێنەکردنی لەچوارچێوەی زماندا.

مەحوی شاعیر وەک یەکێک لەدیارترین شاعیرەکلاسیکییەکانی نێو ئەدەبیاتی کوردیی بە سودوەرگرتن لەو سێ جۆرەسەرەکییەی وێنەئاوەزییەکان، بەو چەمک و پەیام و هەستەی کەلەخەیاڵ و هزرییدا هەیە،جوانترین وێنەی هونەریی خوڵقاندووە، ئەویش بەبەرجەستەکردن و بە فیزیکیی پیشاندانی چەمکەنابەرجەستەو نافیزیکییەکان، بۆیەبەپشتبەستن بەنموونەکان ئەوەدەردەکەوێت کەشاعیر لەسەر بنەمای وێنەئاوەزیی قەبارە،بەخوڵقاندنی دەربڕاو و میتافۆرگەلێکی وەکو (دڵ و چاو شوێنە/دەفرە)ویستویەتی پەیوەندی نێوان عاشق و مەعشوق لەسەر بنەمای ئەو ئەزمونەکۆنکرێتەی کەلەژیانی ڕۆژانەیدا بەریەککەوتنی هەبووەلەگەڵدا، بەیانبکات. هەروەکو لەڕێگەی ئەو ئەزمونەجوڵەدارەی کەمامەڵەی لەگەڵدا کردووە، ویستویەتی پەیوەندی نێوان عاشق و مەعشوق وەکو ڕێڕەوێکی پڕ لەجوڵەلەقەڵەمبدات و تێیدا دڵ و چاو هەمیشەلەجوڵەدان. لەوێنەئاوەزیی هێزیشدا شاعیر بەشێوەیەکی هونەریی لەهەموو ئەو کێشەو گرفت و لەمپەر و سەختیانەی کەخۆی لەدووری نێوان عاشق و مەعشوق و سەختی ڕێگای بەیەکگەیشتن و سوتان لەڕێگای عیشق و جانبازیی و فەنابوون لەپێش سوڵتان و فەرمانڕوایەکی وەکو عیشقدا دەبینێتەوە، جوانترین وێنەی شیعریی لەدوو چەمکی (دڵ و چاو) خوڵقاندووە.

## سەرچاوەکان:



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

**یەکەم: بەزمانی کوردی:**

- ئەحمەد، محەمەد کەریم (2022)، درکپێکردنی وێنەی میتافۆریی لەکۆدی شیعریدا، نامەی ماستەر، زانکۆی هەڵەبجە.
- باڵخی، مەلا موحەمەدی مەلا عوسمان (مەحوی) (1392). دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، محەمەدی مەلا کەریم، مەحوی، چاپی یەکەم، نشر انا، سنە.
- حەسەن، نەریمان (2015)، دروستەی سیمانتیکی لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- حەمەحسێن، شاهۆ صالح (2023) درکپێکردنی وێناوێنەیی وشەی لێکدراو لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- عومەر، شیلان (2017)، لێکسیکۆ-سیمانتیکی وشەلەئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە 13.

**دووەم: بەزمانی عەرەبی:**

- حمەصالح. تاڤگەعمر (2020)، ئاماژەجستەییەکان لەشیعری نالیدا، مجلة جامعة كركوك/ للدراسات الأنسانية، المجلد 15، العدد 1.
- قیطران، کاروان سلیم (2021)، وێنەی هونەریی لەشیعری (گەشت لەهەورامان)، مجلة جامعة كركوك/ للدراسات الأنسانية، المجلد 16، العدد 1.

**سێیەم: بەزمانی فارسیی:**

- راسخ مهند، محمد (1389)، درامدی بر زباشناسی شناختی، سمت، تهران.
- روشن، بلقیس و اردبیلی، لیلی (1395) مقدمەای بر معناشناسی شناختی ، چاپ دوم، چاپ رامین، نشر علم، تهران.
- صفوی، کورش (1382)، بحثی درباره طرح‌های تصویری از دیدگا معنی‌شناسی شناختی، نامه فرهنگستان، شماره21.
- قادری نجف‌آبادی، سلیمان و توانگر، منوچهر (1392)، تحلیل پاره‌ای از استعاره های دل در بوستان سعدی، مجله زبانشناسی و گویشهای خراسان، علمی پژوهشی، سال پنجم، شماره1، ص 21-51.

- عبدالكريمی، سپیده و نعمتی، راحله(1395)، بررسی انواع طرحواره‌های تصویری در افعال مرکب فارسی: سازه‌ی شکل‌دهنده‌ی طرحواره‌ی تصویری، مجموعه مقالات، چاپ اول، نشر نویسه پارسی، تهران.
- لاینز، جان (1383)، مقدمه‌ای بر معناشناسی زبانشناختی، مترجم: حسین واله، چاپ اول، گام نو، تهران.
- محمدی، مجید وجمشیدی، فرشته(1399) بررسی طرحواره‌های تصویری و استعاره مفهومی در جزء سی‌ام قران کریم، سال پنجم، شماره‌دوم، پیاپی 18.
- منتشلو. معصومه (1396)، معنی‌شناسی شناختی تجربه عشق در گلستان سعدی، فصلنامه‌علمی پژوهشی زبان و ادب فارسی، سال نهم، شماره32.

## چوارەم: بەزمانی ئینگلیزیی:

- Evans, V. & Green, M. (2006), *Cognitive Linguistics: An Introduction*, Edinburgh University Press.
- Geeraerts, Dirk (2006). A Rough Guide to Cognitive Linguistics. In: D. Geeraerts (Ed.). *Cognitive* Ling*uistics: Basic Readings*, (pp. 1-28). Berlin & New York: Mouton de Gruyter.
- Johnson, (1987) The Body in the Mind: The Bodily Basis of Meaning, Imagination and reason; Chicago: University of Chicago press.
- Lakoff, George. (1987). Women, Fire, and Dangerous Things; What Categories Reveal about the Mind; Chicago and London: The University of Chicago Press
- Lee, David (2001). *Cognitive Linguistics: An Introduction.* Oxford: Oxford University Press.